

# باوەڕهێنان بە سەرەتای وەرزی مەرگ

ژیار ئەسوەد

بۆ ئازاد سوبحی

– من خودام، ئافرێنەری ملیاران مرۆڤ... ڕۆژێکیان، هاوشێوەی گشت ڕۆژە نابوودەکانی دیکە، بڕیاری ئافراندنی ئینسانێکی نوێم دا، فەرمانم بە فریشتەکانم کرد قەڵەم و کاغەزێکم بۆ بهێنن تا دەست بکەم بە نووسینی چیرۆکی ئینسانێک، لەوکاتەدا نائومێدییەکی قووڵ باڵی بەسەرمدا کێشابوو؛ لەبەرئەوە بێزار و ماندوو، بلەز لاپەڕە سپییەکەم بە خەتگەلێکی ڕەش پڕکردەوە، دروست بڵێم: بە نائاگاییەوە چیرۆکەکەم تەواوکرد، دواتر چووم، تا لە قوڕ ئادگاری داتاشم؛ بەڵام ئەو نائومێدییە نەبووە هۆکاری ئەوەی ڕوخسارێکی ناشیرین و دزێوی لێ دروست بێ، بەپێچەوانەوە، مەخلووقێکی تابلێیی جوان هاتە بوون؛ هەر خۆیشی وایە، زۆربەی جوانییە ڕەسەنەکان لە بنکی زەریای نائومێدیدا دەدۆزرێتەوە... هەر لەسەر قوڕەکەدا، ناویم نووسی، دوای ساڵانێک، ئەو بوونەوەرە یاخی و سەمەرەیە، بە دەستەکانی خۆی ناوەکەی سڕییەوە! لەسۆنگەی ئەمەوە، سزا ئەبەدییەکەی بەردەوامی هەبوو.

– من ناوی خۆمتان پێ ناڵێم، تەنیا ئەوەندە بزانن بەسە کە سیزیفم، بەڵام بەشێوەیەکی دیکە، ئەمانەش هەمووی هۆکاری پرسیار و گومانەکانن، ئەگەر یەکەم تایبەتمەندی خۆم باس بکەم، ئەوە دەتوانم بێژم: ئینسانێکی تەواو گومانکارم، گەورەترین پرسیارێک بۆ من ئەمەیە: ئایا خودا بەرلەوەی چارەنووسی کەسێک لەسەر کاغەز بنووسێتەوە، ئینسانەکەی دەستنیشان کردووە؟ ئەگەر وابێت چۆن دەتوانێ لە ملیاران مرۆڤ تەنیا یەکێک هەڵبژێرێ؟ ئەدی ئەمە نادادپەروەری نییە، بەوەی خودا بەئارەزووی خۆی چیرۆکێکمان لە ژیان بۆ دەنووسێتەوە و هەر بە ئارەزووی خۆیشی ناوی یەکێکمان دەنووسێ؟ کەواتە هەرکەس بەگوێرەی چانسی چیرۆکێکی باش، یان خراپی بەردەکەوێ!

ئاهـ، ناکرێ کەس باوەڕ بەم سەربووردەیە نەکا! دەبێت دیسان بێهوودانە بەرەو ژووری نووتەک بڕۆم. کێ باوەڕدەهێنێ، هەزاران جار هەوڵی دەربازبوونم داوە؟ لێرەوە دەیان جار وتووێژم لەگەڵ دەنگێک لە ئاسمانەوە کردووە؟

نا ، کەس باوەڕناکا کە چاوانی من هیچ نابینێ، جگە لە باخـچـەکـانی باوکم. باخـچـەگـەلێک ناکـرێ بزانن مێژووەکەی بۆ کەی دەگەڕێتەوە، مێژوو هیچ بەهایەکی نییە، مێژوو نادیار و بێکۆتایە؛ من و باخچەکانیش، لەو شتانەین کە بەر لە دیرۆک هاتووین، لەوەتەی چاوم هەڵهێناوە، ئەم باخچانە بە بنی پێمەوە لکاون و هەرگیز لێی نابنەوە، بەڵام ئێستا فۆرمێکی دیکەی وەرگرتووە، بەوەی کە جاران، بەنێویاندا کـانییـەک تێدەپەڕی؛ کانییەک، هەمیشە لەگەڵ پەرییەکاندا مەلەوانیم تێدا دەکرد، دەوروبەری، سەرتاپا بە گوڵزار و درەختە لقوپۆپ شۆڕەکان تەنرابوو، جاران تەمی سپی و بێگەرد هەبوو، ببووە دەروازەی هامـوشۆی پەرییـەکان، ساڵانی خاوێن ڕابورد و حەقیقەت گەیشت؛ ژیان ئەو خۆراکەبوو، لەگەڵ کەوتنە سەر زارمان، ژەهراوی کردین، هەر کە بۆ یەکەم جاریش ژیانم دیت، بینایيم لێڵ بوو، هێڵنجم دا!.

پەرییەکان لەپێناو شتێکی پووچدا، پاکیزەیی خۆیان لەدەست دا، سنوورێک لەنێـــوان من و ئەوان، من و درەختەکان، من و هەمـوو شتـێکی ئەم باخـچانە دانرا، لێرەوە ساڵانی نەفرەت، فـەرشی سووری بۆ ڕاخـستم، ئەمن، بەبێ هیچ ترسـێک لە تەنیـایی، بەسـەریدا تێـپـەڕیم؛ ترس وای لێ نەکـردم لەژێر سـووچە پرشنگدارەکـانی منداڵیی خـۆم حـەشـاردەم، یان لەبن پەیکەرەکاندا لەنگەر بگرم، بۆیە بە سەربەستی هەنگاوم نا.

«ئێستا لەنێو باخچەکانی باوکم ڕاوەستاوم، بەدوودڵی سـەیری تاریکـیـیـەک دەکـەم، لە منداڵـیـیـەوە تێـیـدا ڕاکـشـاوم...» (١) تەمی جـاویدانەی ڕەش لەهەمـوو لایەکەوە لێم دەڕوانێ، لەنێو ئەو تەمەوە، گشت شەوێک سیـحربازەکان دادەبەزنە خوارێ و ڕووەو چارەنووسێکی نادیار پاڵم پێـوە دەنێن، هەر ئەو سـیـحـربازانەیش سنووریان بۆ ژیان دانا و پەرژینیان بۆ باخچەکان دروست کرد، پێویستە ئەوە بزانن کە پێوەندییەکی پتەو لەنێوان چاو و هەڵخەڵەتاندندا هەیە؛ چاو فریودەرترین ئەندامی مرۆڤە، جارجار چاوەکانی منیش فریوم دەدەن، پەرییە پاکیزەکان دەبینم و بانگیان دەکەم، لەکاتێکدا ئەوان ساڵانێک لەمەوبەر، بۆ دواجار گەڕانەوە نێو تەمی سپی و چیدی نەبینرانەوە، بەڵام ئەمن هێشتا ئومێدێکم بەوە ماوە بگەڕێمەوە پێش مێژوو. بەس نا ، ئەفسووس دەبێت

دیسان بگەڕێمەوە ژووری نووتەک، ئیدی جوانی نییە، حەقیقەتی تاریک هەیە، گفتوگۆ دەگەڵ ڕوحی سستبووم بکەم، باشـتـرە لەوەی لە پەنجـەرەوە سەیری ئەسـتـێـرە درەوشاوەکانی ئاسمان بکەم، ئەستێرەگەلێکی تەفرەدەر.

– من ئەهریمەنم، ڕکـابەری سـەرسـەختـی خـودا، ئەی پیـاو، گوێ ڕادێرە، تەنیا منم دەتوانم ڕزگارت بکەم لەو گێژاوەی تێی کەوتووی، بۆیە ڕێگەی دیکەت لەبەردەمدا نییە و پێویستە متمانەم پێ بکەی، ئەو تۆزەی بەناوی قـەدەرەوە پرژاندیانە سـەر پێـیـەکـانت، دەیسـڕمـەوە، دەتگەڕێنمەوە ئەو زەمەنە لەدەستچووەی بەدوایدا وێڵی، دوام کەوە.

شـەوێک لەو شـەوانەی دەبووایە سـیـحـربازەکـان ببنە میوان، شەیتان هات، دەیویست پاکیت بقۆزێتەوە و لەو سـۆنگەیەوە لەشکری خـودا تێک بشکێنێ، بەڵام تۆ ئامادەنەبووی بچیتە پاڵ سەربازی سوپای هیچ لایەنێک؛ بۆیە بەوپەڕی ورياييیەوە، دەرت کردە دەرەوە و گەڕایتەوە خەڵوەتە دێرینەکەت، لە کام قەدەر ڕزگارت دەکەن؟ ئەو قەدەرەی هەردەم میزت پێیدا کردووە؟

من لەوکـاتەوە هەسـتم بە مـەرگ کـرد، کـاتێک دیتم شوێن پێ ناسکەکانی پەرییەکان لەسەر کانییەکان ون بوونە، وەختێک گوڵەکان دەستیان بە پووکانەوە کرد حـەیف، کێ باوەڕدەکـا؟ دەبێت دیسـان بێـهـوودانە بگەڕێمەوە ژووری نووتەک، بچمە کام هۆدە؟ ئەوەی بۆنی بوتڵـە بەتاڵـبـووەکـان ئۆقـرەت لێ دەبڕێ؟ ئەوەی لەبەر شووشە وردەکانی ئاوێنە شکاوەکە شوێنێک نەماوە بۆ دانیشتن...؟ ناگەڕێمەوە، تا مردن تەماشای تاریکی دەکـەم؛ «من دەزانم ئـەم تاریکـیـیـە سـەرم دەخـوا» (٢) هەرچەند هاوڕێی زیاترت هەبێ، تەنیـاییت قـووڵـتـر و کـوشندەتر دەبێ، هەر لەم باخـچـانە بوو سـەردەمـانێک شریـقـەی لێکدانی پێکەکـان دەگـەیشـتـە دوا سنووری گەردوون، دڵەکوتەی وەختی ڕاموسان، خەمۆکیی سەر ڕوحی ڕادەماڵی، دەیان دۆستم هێنایە ئێرە، هەرجارێک پرسـیـارم لێـیـان بکردایە: «ئەم پەیکەرانە دەبینن؟» بەرسڤی نەخێر دەکەوتە بەر گوێم و نائومێدانە دەچوومەوە خەڵوەتی ڕەشبینی، دەیان جار خۆشەویستیم تاقیکردەوە، هەرکـات یەکێک لە کـیـژەکـانم دەهانیـیـە باخـچـەکـان، لەخـۆشـیـیـان شـاگـەشکە دەبوون، دەچوون بۆنیـان بە گوڵەکـانەوە دەکـرد، لەکـاتێکدا زەمـەنێکی دووربوو هیچ

گوڵێکم نەبینیبوو بپشکوێ، میوەی هەمەچەشنیان بە دارانەوە لێ دەکردەوە و دەیانخوارد، لەکاتێکدا بۆ تەنیا جارێک، هیچ لەوانە بەر زوبانم نەکەوتن.

کـاتەکـانم هەر بەو شـێـوەیە تێـدەپەڕی، وای چ کارەساتێکە یەکڕەویی ژیوار! ئاواتەخوازبووم ڕۆژێک ئەم پەیکەرانەی بە مـیـرات لە باوانمەوە بۆم مـاونەتەوە، خـەندەیەکم بۆ بکەن، بسـتـێک لە شـوێنی خـۆیان بجووڵێن، بێ سوودبوو؛ تاکو شەوێکیان.

- مـــاوەیەک بەردەوام عـــەودالی تەورێک بوو، سیحربازەکان دەهاتن و دەیانگوت: «سەروەرم، ئەو پیاوە دەیەوێ لەو چارەنووسـەی بۆی دیاری کـراوە یاخی ببێ، لەو چیرۆکەی بۆی نووسراوەتەوە، هیچ ناکەی...؟» بە ژنەفتنی ئەو پرسیارە خۆمم دەخواردەوە و دەگەڕامەوە بۆ ئەو ساتەی، بێ ئاگایی چیرۆکەکەیم نووسی؛ ئەمەیش وای لێ دەکـردم هەسـتکردن بە بێـدەسـەڵاتـیـەکی توند دەست بنێتە قوڕقوڕاگەمەوە، دەستبەجێ وەڵامم ئەمەبوو: «هەرچی تەور هەیە لە ئەندێشەی بسڕنەوە.» دەشمزانی ئەو ڕوحی یاخـیـبـوونەی لەو بوونەوەرەدا هەیە، دەشێ ڕۆژێک تووشی بەڵایەکمان بکات.

نیوەڕۆیەکی گەرم، هاوڕێیەکی دڵپڕم بەهۆی دابڕانی لە خۆشەویستەکەی، سەری خستە سەر شانم و بە کوڵ گریا. پێی گـوتم: «برادەر، ئاخـۆ خـودا دۆسـیـەی ئێـمـەی ون کـردووە تا بڕێک دەسـتکاری قـەدەرمـان بکات و بەختیاریی بهاوێتە سەر؟ یان لاستیکی کوژێنەرەوەی نییە؟» بزەیەکی سارد خزایە سەر لێوم، ماوەیەکی درێژ دوای ئەو بەسەرهاتە، بۆم دەرکەوت ڕاست دەکا، هەربۆیە لە مێشکمدا ئەوە گەڵاڵەبوو کە دەبێت خۆم دەستکاری چارەنووسم بکەم، لەوکاتەشدا ئەو سزا هەمیشەییەی لەسەرم بوو، باخچەکانی لێ کردم بە بیابان!.

«دەمەوێ یاری بەم قوڕە بکەم، چی لەم قوڕە بکەم کە ناومی لەسەر نووسراوە؟» (٣) من بە ئارەزووی خۆم ناوم نەنووسرا و نەهاتمە بوون، بەڵام لە توانایـیـمـدا هەیە بە ئارەزووی خۆم بیسڕمەوە. شەوێکیان، بیرەوەری زەفەری پێ بردم و گـەڕامـەوە بۆ یادکـردنەوەی ڕامـووسـانی خۆشـەویسـتـەکانم، ئەو کچانەی کاتێک لێوم نزیک دەکردەوە بۆ ماچکردنیان، دەبوونە لم؛ دەنووشتامەوە و دەستم بە گەردنە نەرم و بچووکەکانیاندا دەخشاند، یان بەخـتـیـاریی و تریقـەی کـۆبوونەوەی هەڤـاڵان هەر لەو شـەوەشـدا، چیـدی حـەوسـەڵەی بینینی پەیکەرە بۆماوەییەکانم نەما و بەبێ تەوشوو، یەک یەک کەوتمە شکاندنی تابووەکان، سیحربازەکانیش سەراسیمە، لە ئاسـمـانەوە دەیانڕوانی و بە فـەرمـانی خـودا تۆزی نەهامەتییان دەپرژاندە سەر باخچەکان.

ئێستاش دیسان لەنێو باخچەکانی باوکت ڕاوەستاوی، دەڕوانیـتـە پەیکەرە پەککەوتەکـانی سـەر ئەرز. «دەگەڕێیتەوە بۆ ئەسڵی خۆت، ئەسڵی تاریکی، ئەسڵی مەرگ» (٤) ئەمە نابێتە دوا دێڕ، بیر لەوە دەکەیتەوە تونێلێک بدۆزیتەوە بۆ هەڵهاتن، ئەگەر دەروازەیەکیش بوونی هەبێت، بە دڵنیـاییـەوە ڕابووردنە بەنێـو تەمـە جاویدانییە ڕەشەکان.

**پەراوێز:**

**١-دێڕێک لە شیعری (باخچەکانی باوکم)ی ئازاد سوبحی.**

**٢- دێڕێک لە شیعری (باخچەکانی باوکم)ی ئازاد سوبحی.**

**٣- دێڕێک لە شیعری (درەختێک لە بەرد)ی ئازاد سوبحی.**

**٤- دێڕێک لە شیعری (تابلۆی بەتاڵ)ی ئازاد سوبحی.**